# ئەنفال : ئەم رق و کینەیە لە کوێ هات ؟ ئەم تراژیدیایە بۆ ڕوویدا ؟

ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی
Ismail_rwandzi@yahoo.com

ئەنفال تەنها بە مانای لە ناوبردن و کوشتن و قەسابیکردنی سیستیماتیکانەی سەد و هەشتا و دوو هەزار ( 18200 ژن و پیاو و پیر و منداڵ ) مرۆڤی کورد و کوردستانی نیە ، بەڵکو سوتاند و کاولکردن و رووخاندنی پێنج هەزار گووند و شار و هەزارەها ڕەز و بێستان و زەوی کشتوکالی کوردستان ، وە کووشتنی سەدەها هەزار مەڕ و بزن و ئاژەڵی ماڵی و کێوی و مەڕوماڵاتی خەڵکی کوردستانە ، لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشست و نازیستی عەرەبی ئێراق بە هاوکاری ولاتانی شۆڤینیست و تۆلیتاتاری ناوچەکە و هاوکارەکانی لە وڵاتە عەرەبیە شۆفینیست و تۆتالیتاتارەکان . بەڕاستی تراژیادیایەکی نامرۆڤانەیە . ئاخربێنینە پێش چاوی خۆت کە مەسەلەکە تەنیا مردنی سەد و هەشتاو دوو هەزار کەس نیە ، بەڵکو سەد و هەشتا و دوو هەزار کەس گیانبان لێسەنراوەتەوە لەبەرئەوەی ڕەگەزیان کورد و کوردستانی بووە . دەبێ سەرچاوەی ئەم ڕق و کینە و بێ ویژدانیە لە کوێ سەرچاوەی گرتبێ؟

بێگومان یەک هۆ بە تەنها نەبووە ڕێگا خۆشکەر بو ڕوودانی ئەنفال ، بەڵکو چەندین فاکتۆری بنچینەیی ئەم تراژیدیایەی خولقاند ، کە دەکرێ لێرەدا بە خێرایی هەندێکیان باس بکەین :

یەکەم : سیستەم و جوگرافیای سیاسی ئێراق لە بنچینەدا لە سەر پێشێلکردنی ماف و جوگرافیای نەتەوەی کورد پێکهات .ململانێ و کێشمەکێشی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب لە سەرەتای پێکهێنانی سیستەمی سیاسی و جوگرافیای ئێراق دەگەرێتەوە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئێراق ، و مافی بەشداری کورد وەک گەلێکی خاوەن جوگرافیا و نیشتمان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت . لەو کاتەی کە بەزۆرەملێ بەشێک لە خاکی کوردستان لکێندرا بەو جوگرافیایەی کە دواتر ناونرا ئێراق ، ئیتر کورد وەک نەتەوە و خاوەن جوگرافیا حاشا لە بوونی کرا ، وە وەکو میوانێکی ڕەزاقورس و گومانلێکراو ، وە دژ بە ئامانج و خەونەکانی نەتەوەی عەرەب حسابی بۆ دەکرا . هەر بۆیەش راسیزم و شۆفینیزمێک کە رژێمی بەعسی عەرەبی لە دژی نەتەوەی کورد پیادەی

کرد بەرهەمی راسیزم و شۆفینیزمی گرێدراوە لەگەڵ تەمەنی پێکهێنانی سیستەمی سیاسی وجوگرافیای ئێراق .

دووەم : پێکهێنانی سیستەمی سیاسی وجوگرافیای ئێراق لە بنچینەدا هەڵەیەک و ناحەقیەکی مێژوویی بوو دژ بە نەتەوەی کورد و گشت خەڵکی ئێراق . ئەم جوگرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێراق ، هیچ کاتێک نەیتوانی ببێتە ناسنامەیەک بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی ئێراق ، بەڵکو هەمیشە شەڕی ناوخۆیی و گومان لەیەکتر کردن لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم قەوارە جوگرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێراق سیمای بنچینەیی و بەردەوامی بووە . بۆیە دەتوانین بڵێین خودی پێکهێنانی جوگرافیای ئێراق یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی ڕوودانی ئەنفال .

سێیەم : هۆیەکی تر بیری شۆڤینیزمی قەومی عەرەبیە ، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە نێو جەماوەی میللەتی عەرەبەوە گەشەی کرد . بە جۆرێک حاشا دەکرا لە بوون و مافی میللەتانی وەک کورد و ئەمازیغ و....هتد کە وەک عەرەب خاوەن جوگرافیا و خاکن ، تەنها "تاوانێک" کە هەیانە ، دراوسێی میللەتی عەرەبن . بیری شۆڤینیستی توانی بە شێوەیەکی رێکخراو و خاوەن بەرنامە لە سەرەتای چلەکانەوە بێتە مەیدانەوە بە سوود وەرگرتن لە دواکەوتوویی ڕۆشەنبیری و بەهێزی هەستی نیشتمانپەروەری جەماوەر دژ بە کۆلۆنیالیستەکان گرێدراو لەگەڵ بەهێزی مێژوویی ڕەگ و ڕیشەی ڕاسیستانەی گۆمەڵگا ئیسلامیەکان . ئەوەبوو ڕەوتە توندڕە و شۆفینیستەکان بە بەربلاوترین شیوە توانیان لە ساڵی 1963 بێنە مەیدان و دەستهەڵات بگرنە دەست . بێگومان گەشەی حیزبی بەعسی شۆڤینیستی عەرەبی بێ ڕەگ و ریشە و پێشینە نەبوو . بەلام دەستهەلات بەدەستەوەگرتن لە لایەن بەعسیەکان بە هەموو پێوانەکان وەچەرخانێکی مێژوویی و چارەنووسساز بوو لە دژی گەلانی ئێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی . بەعسیەکان توانیان بە باشترین شێوە هەستی ڕەگەزپەرستانە و ڕق و کینەیەک ، کە چەندین ساڵ بوو دەکولا لە ژێر کۆمەڵگای ئێراق دژ بە نەتەوەی کورد و مافەکانی ، بەکاربێنن . بەعسیەکان توانیان ڕای جەماوەری ئێراق و ولاتانی عەرەبی بەو ئاقارە ببەن کە بوون و داواکاریەکانی نەتەوەی کورد لەمەڕ ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ، سەرچاوەی کێشە و گرفتەکانی ئێراق و نەتەوەی عەرەبە ، بۆیە دەبی ئەنفال و جینوساید بکرێن . بەعسیەکان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر خیانەت و خۆفرۆشی کوردەکان نەبوایە ئێراق دەیتوانی لە هەموو شەڕەکان سەربکەوێ . لە ئەنجامدا بەعسیەکان توانیان رق و کینەی چەندین ساڵە و خاوەن ڕەگ

و ڕیشەی جەماوەری دژ بە کورد و مافەکانی و تورەییان بەهۆی دۆڕاندن وسەرشۆری و زەلیلیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و سەربازی بکەنە بیانووی بێویژدانی و کوشتوبڕ و لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان و ئەنفالکردنی .

چوارەم : دیارە وەک لە سەرتاشدا ووتم ، چەندیین هوکار بوونە هۆی ڕوودانی کارەساتی ئەنفال ، کە دەتوانرێ کتێبێکی لەسەر بنوسرێ ، بەلأم من لێرەدا ناتوانم باسی هەموویان بکەم ، بەلکو تەنها بە خێرایی باس لە چەند هوکارێکی سەرەکی دەکەم . هەر بۆیە ناتوانرێ باسی جیهانی ستاتیک و دوو جەمسەری "شەری سارد " نەکەم . لەو سەردەمەدا کورد و بزووتنەوەی سیاسی کورد قوربانی هاوسەنگی زلهێزەکان بوو ، بە جۆرێک میللەتی کورد و هەموو میللەتانی تری وەک کورد لە ڕوانگەی یاساس نێودەولەتی و زلهێزەکانەوە بە پێی پرێنسیپی وێستفالیا " **Westphalia** " ( بەوەی کە هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەولەتێکی تر وەربدات و سەرورەرییەکەی پێشێل بکا ، وە بەم پێیەش هەموو دەوڵەتێک ئازادە لەمەڕ چونیەتی هەلسوکەوت کردن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی خۆی ) وەک نەتەوەیەک و خاوەن سەروەری و ماف حسابی بۆ نەئەکرا ، هەر بۆیەش ئەنفال و جینۆسایدی کورد بەبێ دەنگی و لەبەرچاوی بێویژدانی زلهێزەکان و ڕای گشتی جیهان تێپەر بوو .

## زامێک لە جەستەی کوردستان ، هاوارێک بۆ مرۆڤایەتی

ئەنفال کۆتایی هێنا بە گیانی سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤ نەک تەنیا لەبەرئەوەی کورد بوون بەلکو لەبەئەوەی کوردستانیش بوون ، خاوەن خاک بوون ، داوای سەروەری و ئازادیان دەکرد ، ڕەتیانکردەوە ببن بە شتێکی تر غەیری کورد و کوردستانی . بێگومان کەس ناتوانێ تراژیدیای ئەنفال وەک چۆن بووە بەتەواوی باس ، وەسف یان بیگێرێتەوە . کێ هەیە جورئەت و ئیدعای ئەوە بکات ؟ ئاخر سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤ ، واتە سەد و هەشتاو دوو هەزار چیرۆک و بە سەرهات و تراژیدیا .
بەڕێزان بێننە پێش چاوی خۆتان کە هەر یەکێک لەو سەد و هەشتا و دوو هەزار کەسە وەک ئێمە بوون ، حەز و ئارەزوو و خۆشەویستیان بۆ ژیان هەبووە ، ئەوان قوربانی تاوانی ڕەگەزی جیاوازیان بوون لەگەڵ بەعسە شۆڤینیستەکان . ئەنفال دەرسێکە بۆ

ئێمه وەک کورد و  بۆ هەموو مرۆڤایەتیش ، که نابێ رێگه بدەین جارێکی تر تاوانی وا ترسناک دژی کورد و  مرۆڤایەتی دووباره ببێتەوه .

ئەنفال له گەڵ ئەوەی هەوڵی جینوساید کردنی کورد بوو ، بەڵام دەبێ ئێمه و هەموو مرۆڤایەتیش  شانازی به هێزی بەرەنگاریمان له دژی لەناوچوون و توانەوه بکەین . گەلی کوردستان توانی خۆی ڕابگرێ لەبەرئەوەی حەزی له ژیان و مانەوه دەکرد ، لەبەرئەوەی دەیزانی لەناچوون مانای سەرکەوتنی جەلادەکانیەتی . ئەنفال سەلماندی بۆ دۆست و دوژمن ، بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی که گەلی کوردستان خاوەنی شتێکه ، هیچ هێزێک و بارودۆخێک و هەوڵێک ناتوانێ لێیبستێنێ ، ئەویش : خۆشەویستیەتی بۆ ژیان و مانەوه .

**9 ئەپریلی 2006**